# ئەنجومەنی وەزیران جەژنی خوشک و برایانی ئەرمەن پیرۆز دەکات

دوێنێ شەممە لە پەیامێکدا بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح بەپێی کەنیسەی ئەرمەنی ئەرتۆدۆکس لە جیهان، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە تەواوی خوشک و برایانی ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان، عێراق و جیهان کرد.

**ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:**

جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح بەپێی کەنیسەی ئەرمەنی ئەرتۆدۆکس لە جیهان، لە تەواوی خوشک و برایانی ئەرمەن لە هەرێمی کوردستان، عێراق و جیهان پیرۆز دەکەین. جەژنێکی ئارامیان بۆ دەخوازین، بەو هیوایەی خوشک و برایانی ئەرمەن و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان جەژن و بۆنەکانی داهاتوویان لە دۆخێکی باشتردا بکەنەوە.

لەم بۆنەیەدا دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کار و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و پاراستنی فرەڕەنگیی ئایینی و نەتەوەیی بەردەوام دەبێت و بەرگری لێدەکات.

دووبارە جەژنی هەموو خوشک و برایانی ئەرمەن و پەیڕەوانی کەنیسەی ئەرمەنی ئەرتۆدۆکس پیرۆز دەکەین و هەر لە خۆشیدا بن.

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**
**2018/1/6**

# سامان شالی: عەبادی بە هۆی دژایەتیی کوردەوە جارێکی دی چانسی سەرۆکوەزیرانی نابێت

## هەندرێن ئەحمەد: ئەوە بەغدایە ناتوانێ دەستوور جێبەجێ بکات و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بنێرێ



ئەگەرچی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی پێشان داوە بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان، بەڵام هێشتا بەغدا ئامادە نییە دەست بەو دانوستانانە بکرێت، چاودێرانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەگەر عەبادی لەسەر پەراوێزخستنی کورد بەردەوام بێت، زەحمەتە چانسی هەبێت جارێکی دیکە ببێتەوە سەرۆکوەزیری عێراق.

سامان شالی، کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسی بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: عەبادی لەسەر غرووری خۆی بەردەوامە و دەیەوێ کورد بە یەکجاری لاواز بکات، هەرێمی کوردستان تێک بدات و ناچاری بکات بچێتە دانوستان و بە مەرجەکانی خۆی ڕازی بکات، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، ڕکابەرەکانی عەبادی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو زۆر بەهێزن و ئەگەر بێت و سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق لەسەر پەراوێزخستنی کورد بەردەوام بێت، زەحمەتە بۆ خولێکی دیکە ببێتەوە سەرۆکوەزیری عێراق.

هەروەها هەندرێن ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەغدا هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ کردووە، ئەوەی نایەوێ ڕێککەوتن بکرێت، حکوومەتی عێراقە، چونکە ڕۆژێ دوو جار هەرێمی کوردستان ئامادەییی خۆی بۆ دەستپێکردنی دانوستان دووپات دەکاتەوە، مخابن ئەوە بەغدایە نەدەتوانێ دەستوور جێبەجێ بکات و نەدەشتوانێ شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بنێرێ، پێم وایە بەغدا لە غرووریکدا سیاسەت دەکات و دەیەوێ کیانی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان نەهێڵن، ئەگەر بۆیان بچێتە سەرێ، تا عێراق ئەو عەقڵیەتەی مابێت، نایەتە ژێر باری ئەو پرسانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی بۆ چارەسەرکردن.

سامان شالی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: فشارێکی زۆری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و عەبادیە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە تا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن، چونکە هەموو لایەک باش ئەوە دەزانێت پێویستیان بە کوردە، تەنها مەسەلەی کوردیش نیە، عەرەبی سوننەش نابێت بەو شێوەیە لەگەڵ کورد پەراوێز بخرێت، باشترین چارەسەریش بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان جێبەجێکردنی دەستوورە.

هەندرێن ئەحمەد گوتیشی: بەشێکی دیکەی چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، وابەستەیە بە سیاسەتی ناوچەکەوە، نەخاسمە کاریگەری و هەژمونی ئێران لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق، چونکە دەسەڵاتدارانی عێراق دەخوازن وڵاتەکە ببێتە دەوڵەتێکی مەرکەزی و هیچ شتێک بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە نەمێنێ.

# سوپاسالاری پێشووی عێراق: ڕێژەی کورد لە سوپای عێراق لە 2٪ کەمترە



بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق، لەبارەی دۆخی ئێستای سوپای عێراق و ڕێژەی کورد و سوننە لەنێو سوپادا، بە تۆڕی میدیایی رووداوی ڕاگەیاندووە: دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق لە ساڵی 2003و هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەو سوپایە لەگەڵ هاوپەیمانان، بڕیاربوو ڕێژەی کورد لەو سوپایە 20%بێت، سوننە 25%بێت، شیعە 50%بێت و 5%ی دیکەش بۆ پێکهاتەکانی دیکە بێت، دابەشکردنەکەش لەنێو وەزارەتی بەرگریدا بەو شێوەیەبوو، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بۆ شیعە بێت، وەزیری بەرگری بۆ سوننە بێت، سەرۆک ئەرکان و ئەمینداری گشتی کورد بن، بە هەمان شێوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پۆستەکانی دیکەش، بەڵام ئێستا ڕێژەی کورد لەنێو ئەو سوپایە ڕەنگە 1 بۆ نزیکەی 2%بێت".

بابەکر زێباری، دەشڵێ: ڕێژەی سوننەش لەنێو سوپای عێراقدا کەمیکردووە، ئەویش بڕیاربوو 25%ی سوپا پێکبهێنن، بەڵام ئێستا ڕێژەکەیان ئەگەر 10% بێت. لەبارەی حەشدی شەعبی و بڕینەوەی بودجە بۆیان و بە یاساییکردنی لە پەرلەمان و کاریگەرییەکی لەسەر بە تائیفی بوونی سوپای عێراق، سوپاسالاری پێشووی عێراق، گوتی: حەشدی شەعبی وەکو سوپا ڕێکخراو نین و هاوشێوەی میلیشیا و گرووپی جۆراوجۆر و پێکەوە نەگونجاون، هاوکات لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی دیکەی وەکو سوپا و دژەتیرۆر و پۆلیسیش نەگونجاون.

لەبارەی توانا سەربازی و لۆجستییەکانی سوپای عێراق، بە تایبەت دوای ئەو هەموو هاوکاریانەی لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە بۆ شەڕی تیرۆر بە عێراق درا، بابەکر زێباری دەڵێ: عێراق چەکێکی باشی هەیە، عێراق تانک و فڕۆکە و هەلیکۆپتەر و زرێپۆشی باشی هەیە، هاوکات تۆپخانەکانی مۆدێرنن، لەڕووی مەشق و ڕاهێنانیشەوە تاوەکو ساڵی 2011 و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بە باشی ئەو سوپایە مەشق و ڕاهێنانی پێکرابوو، بەڵام دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و تەواونەکردنی مەشق و ڕاهێنانەکان و دوای شەڕی ناوخۆ و شەڕی داعش نەیانتوانی لەبەرامبەر دۆخەکە بووەستنەوە.

# هەولێر... ڕێکخراوە مەدەنییەکان، داوای هەڵوەشاندنەوەی پشووی سوپای عێراق دەکەن

دوێنێ شەممە 2018/1/6 ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هەولێر لەبەردەم نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە هەولێر، گردبوونەوەیەکیان ئەنجام داو دوو داواکارییان خستەڕوو، یەکەمیان ئەوەبوو کە حکوومەتی عێراق قەرەبووی زیانلێکەوتوانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە کە لەسەر دەستی سوپای عێراق زیانبار بوونە، دووەمیشیان لەبری پشووی سوپای عێراق، ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری بکرێت.

ڕێباز یووسف سەرۆکی تۆڕی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی هەولێر و ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا کە ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عێراقە و لەسەر دەستی ئەو سوپایە گەلی کوردستان کارەساتی زۆری بەسەردا هاتووە، خەڵکی سڤیل بوونەتە قوربانی و زیانبار بوون بە هۆیەوە، دوو داواکاریمان هەبوون، بەپێویستی دەزانین حکوومەتی عێراق قەرەبووی زیانلێکەوتووانی هەرێمی کوردستان بکاتەوە، کە لەسەر دەستی سوپای عێراق تووشی کارەسات بوونە، هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان پشووی ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراق هەڵبوەشێنێتەوە و لەبری ئەوە، ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری بکات.

# بەهائییەکانی کوردستان داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن بڕیاری لەسێدارەدانی کەسایەتییەکیان لە یەمەن رابگرێت

**خەبات/ مەریوان نەقشبەندی**



دوای 4 ساڵ لەدەستگیرکردن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەی بەردەوام، میلشیاکانی حوسی لە سەنعای پایتەختی یەمەن فەرمانی لەسێدارەدانیان بەسەر باوەڕداری ئایینی بەهائی بەناوی (حامید بن حەیدەرە) دەرکردو بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و موڵکی و داخستن و قەدەغەکرنی دامەزراوەکانی ئەم ئاینە و چالاکییەکانیان دەرکرد. ئەمەش لەکاتێک دایە کە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم دەسگیرکردنەیان ئیدانە کردووە و داوای ئازادکردنیان کردووە. لەچەندین وڵاتی دنیاش دەنگی ناڕەزایی بۆ ئەم بڕیارە بەرزبۆتەوە و داوای ڕاگرتن و ئازادکردنی حامید دەکەن. شایانی باسە بەهائیەکان نزیکەی 7 ملیۆن باوەڕداریان هەیە و بەسەر نزیکەی 180 دەوڵەتی جیهاندا دابەش بوون و هەموویان خەڵکی نوخبە و ئاشتیخوازن و پێغەمبەرەکەیان حەزرەتی بەهائوڵایە و لەسەدەی 18 بۆ ماوەی دوو ساڵ لەکوردستان (سلێمانی – سەرگەڵو – تەوێڵە) ژیاوە و پەیوەندیەکی زۆرباشی لەگەڵ شێخانی ئەوکاتەی نەقشبەندی و خالیدی هەبووە. بەهائیەکان لەهەرێمی کوردستان نزیکەی 100 خێزان دەبن و لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێم نوێنەریان هەیە.

سەرمەد موقبیل نوێنەری بەهائیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: بەناوی سەرجەم بەهائیەکانەوە داوا لەنەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین ئەم بڕیارە بەدەسەڵاتدارانی سەنعا رابگرن. گوتیشی: تاکە شوێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەهائیەکان تەواوی ئازادیان بۆ فەراهەم کراوە و نوێنەرایەتی ڕەسمییان لەحکوومەت بۆ دەستنیشان کراوە هەرێمی کوردستانە.

# لە باشیک حەشدی شەعبی ڕێگرە لە نۆژەنکردنەوەی 500 خانووی هاووڵاتییان



سەرۆکی ئەنجومەنی شارەدێی باشیک، ئاشکرای کرد لە ناحیەی باشیک، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ڕێگە نادەن 500 خانووی زیانلێکەوتووی هاووڵاتییان نۆژەن بکرێنەوە.

داسن قەوال سلێمان، سەرۆکی ئەنجومەنی شارەدێی باشیک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: هەوڵ هەبوو بۆ نۆژەنکردنەوەی 500 خانووی هاووڵاتییان کە خانووەکانیان لەکاتی داگیرکاری داعشدا زیانیان پێ گەیەندرابوو، بەڵام ئێستا میلشیاکانی حەشدی شەعبی ڕێگە نادەن ئەو ژمارە خانووانەی هاووڵاتییان نۆژەن بکرێتەوە و خەڵکیش زۆر پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان هەیە.

سەرۆکی ئەنجومەنی شارەدێی باشیک ئەوەشی گوتووە: ئێستاش ئێمە هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو 500 خانووە نۆژەن بکرێتەوە، بە هاوکاری ڕێکخراوەکان، چونکە ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانەکان گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان و ئێستاش لە نێو خانووە وێرانەکانیاندا بە ناچاری نیشتەجێ بوونە.